# ستراتيژى ئەمريكا و رۆژهەلاتى ناوەند
# ...كاريگەريەكان و ئەگەرەكان

**ئاسۆ حامدى**
**فيبروەرى 2006**

**وينەكان:**
لە ئيسرائيل كەسێكى ئيسلامى خۆى لە ناو پاسيكدا تەقاندەوە بووە هۆى كوشتن و بريندار‌كردنى چەندەها كەس، دەبابەكانى ئيسرائيل دووبارە چوونەوە ناو غەززە يان بە رۆكێت لە ئاسمانەوە عەرەبانەكاى شێخ ياسين و ياشێخ خۆى بوونە قوربانى..و مفاوەزاتى سولتەى فەلەستينى ئيسرائيل دووبارە بە هيچ نەگەيشتن. دەولەتى قەتەرو ميسرى عەرەبى ريگايان بە ديپلۆماسى ئيسرائيل و كۆمپانياكانيان دان..هتد هتد دووبارەى كێشەيەكى سياسى بەردەوام لە بازنەيەكى داخراو دا.سولتەى فەلەستينى تەواوى داهاتى گەلى فەلەستينى لوش دا. حەماس و فەتح لە هاوكارى دان لەگەل جهاد دا..يان شەرويپيكدادان لە نيوان هيزەكانيان روويدا..ئاريل شارۆن دووبارە لەگەڵ كەنيسەتى ئيسرائيل كۆبووە بۆ دروستكردنى ديوارى نيوان ئيسرائيل و فەلەستين..دەيان هەزار لە كريكارانى فەلەستينى ناتوانن رووبكەنە سەركار جونكە معبەرەكان داخراون..ئەمانە ئەو وێنانەن هەموو رۆژێ لەم ناوچەيە دووبارە دەبنەوە.
لەگەل جارجارە هيرشى ئاسمانى ئيسرائيل بۆ سەر بيروت و موشەكەكانى حزب اللە بۆ ئيسرائيل.
تاوانباركردنى ئيسرائيل بۆ رژيمەكانى كۆنى عيراق و سوريا و ئيران هەر بەردەوامە.لەگەڵ تاقيكردنەوەى جارجارە موشەكى سەركەوتووى ئيسرائيل بۆ سەركوتى ناوچەكە و مەركەزى ئەتۆمى ديمومە ..
ئەمانە ئەو وێنانەن كە تۆزێ لە مشاهداتى واقعى نيشان دەدەن. هەموو قوربانيەكان لە لە هەموو لايەك لە زۆربەى حالەتەكاندا هەر هاوولاتيانن يان كريكارانى هەردوو گەلى عەرەبى و ئيسرائيلى قوربانين.

مەوقعيەتى رۆژهەلاتى ناوەند لە بارى جوگرافى و سياسى و ئابوورى و فەرهەنگى ( كێشە مەزهەبيەكان بە دريژايى ميژوو) واى كردووە ئەم ناوچەيە هەردەم ئارامى بە خۆيەوە نەبينێ..
هەر لە شەرى خاچ پەرستان و ئيسلاميەكان بە رابەرايەتى سەلاحەددينى ئەيوبى..تا دەگاتە شەرى عەرەب و ئيسرائيل لە سالانى سەدەى رابردوو و ناكۆكى بەردەوامى نيوانيان هەرچى زياتر مەسەلەكانى لەبارى ميژووى و جوگرافيايى ئالۆز كردووە.
دواى شەڕى جيهانى دووەم و قوربانيەكانى گەلى جولەكە لە ژيردەستى هتلەرو هاوپەيمانەكانى لەلايەك لەلايەكى تر گەشەى بزوتنەوەى زايونى گەلى جولەكە لە جيهاندا شەرعيەتى دامەزراندنى وولاتى ئيسرائيلى لە وولاتێ كە بنەماى ميژووى بەنى ئيسرائيلى تيادا بوو لە فەلەستين لە ژيردەستى داگيركەرانى ئينگليز بەدەست هينا.
ناسيوناليزمى عەرەب ئەوكات لەم ئاستەدا نەبوو بتوانى بەڵێنى بەلفۆر رەت بكاتەوە، بەلكو ميرەكانى ئوردن و وولاتانى ترى عەرەبى بۆ مانەوەى خۆيان كەوتنە سات و سەودا بە خاكى پيرۆزى فەلەستين و مەسەلەى گەلى فەلەستينيەكان.
لە واقعدا هەر كێشەكانى دوو ميللەت يان دوو ئايينى جياواز لە رۆژهەلاتى ناوەندا نين و نەبوون، بەلام ئەم مەسەلەيە ى نێوان ئيسلام و جولەكە يان عەرەب و ئيسرائيل خۆى زەقكردەوە.
بەنموونە نە كێشەى گەلى ئەرمەن و نە گەلى كورد ئەم دەستەواژەييەى ئيستاش وەرنەگرت لە سياسەتى دونياييدا...

**هەنگاوێ يان چەندهەنگاوێ بۆ دواوە**

لە سەردەمی بلۆک بەندی دونیادا لە سەدەی رابردوو، هەموو مرۆڤانێ کە داوای ئازادی و سەربەستیان دەکرد لە ریزی دژی ئیمپریالیستی و سەربە بلكۆكی رۆژهەلاتی بوون کە بلۆکی رووسیای سۆڤیەتی رابەرایەتی دەکرد لە ژیر پەرچەمی کۆمونیستیدا بوو، بلۆکی سەرمایەداران بلۆکی دیموکراسی و بازاری ئازاد بەرابەرایەتی ئەمریکا و پەیمانی ناتۆ لە دواییین هەنگاودا سەرکەوتنی یەکجارییان راگەیاند، دیواری بەلین رووخاو لە سەروبەندیدا پرۆسەی ئاشتی رۆژهەلاتی ناوەند دەستی پێکرد.

عەرەفات و پێرێز و رابین خەلاتی نۆبلیان بۆ ئاشتی بەدەست هینا.

ئەمریکا چونکە تەواوی دامودەزگاکانی دەولەت و کۆمپانیا سەربازەکانی بە پارەی هاولاتیە جولەکەکان دەچێتە رێوە، کۆچبەری سالانی شەری جیهانی یەکەم و دووەم بە هەزاران هەزار سەرمایەداری جولەکەی ئاوارەی ئەمریکا کردو نەوەکانیان لە تەواوی دەزگاکانی دەلەتیدا کارمەندو بریاردەری ئەم وولاتەن.

ئەمە جگە لە دۆستایەتی ستراتیژی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ وەزعیەتی دونیا و ئالوگۆرەکانی..

ئەم دوستایەتیە ستراتیژیە لە ئەنجامی یەک چارەنووسی مەسلەحەتەکان هاتۆتە مەیدان. رابەرانی وولاتی

ئەمریکا وولات بە وولاتی قازانج و ئەرقام دەبینن ، رابەرانی ئەمریکا وولاتیان وەکو وولاتی سەرکوت و تۆقاندنە لە میژووی مرۆڤایەتیدا پیناسە کردووە،

ئەگەرچی ئەم هەموو نارەزایەتیەی دژی شەڕ لە ئەمریکا هەیە لە کوێ یتر بەم زۆریە هەیە ؟..

سەرمایەداری و کەلەکەی سەرمایە لە ئەمریکا لە حالەتی رەحم و بەزەیی مرۆڤایەتی بەسەر جووە.لەهەمان کاتدا قەیرانە ئابووریەکان کە لە ئەنجامی فیض انتاج دا پەیدا دەبن کە هەر دە ساڵ یان دوانزە ساڵ جارێ روودەدەن ، ئەم قەیرانە ئابووریانە لەگەڵ خۆیاندا شەر بە چارەسەری ئەم قەیرانە ئابووریانە تەرح دەکەن.

شەری ئەم دواییانە لە رۆژهەلاتی ناوەندا بەرێکی ئەمەبوو یانی لە بودجەی دەولەتی ئەمریکا لە بەرنامەی درێژ خایاندا کورتیان دەهینا..بۆ پر کردنەوەی ئەم کورتیە پێویستە ئەلتەرناتیفی هەبێ کە ئەویش بەنموونە عیراق بوو یان کانە نەوتەکانی ڤەنزویللا دەبوو کۆنترۆل بکرێن..

ئەگەرچی لە واقع دا زۆر کاریگەری تر هەن کە شەریان لەم ناوچەیە گەشە پیداوە هەر کەرەستەی خاو و کێشەی عەرەب و ئیسرائیل و هتد نەبوون بەلکو مۆدێلی جیوپۆلتیک لە ناوچەکە گۆران، سەرکوتی کریکاران و وولاتانی دونیا کە ئامانجی هەردەمی سەرمایەدارانە و ئەزەلیەتی پیرۆزی سەرمایەداری بسەلمێنن.

تا ئیستا لە ئاستی جیهانی ئەمریکا وەکو سوپەر پاوەر هیچ هیزێ نیە لەدونیا لە باری سەربازی و سیاسی و ئابووریدا شان لە شانی بدا.

چینی کریکار لە ئەمریکا و جیهان عاجزە لە بەردەم وەزیفە چینایەتیەکانی، کریکارانی ئەرستۆکرات لە ئەمریکا و ئەوروپادا لە گەل سەرمایەداراندا یەک چارەنووسیان هەیە.

میژووی بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان لە ئەمریکا زۆر جیایە لە میژووی بزوتنەوەی کریکارانی ئەوروپا بەنموونە..

ئەم بێ ئەلتەرناتیڤیە چینایەتیە وای کردووە هەرچی زیاتر سەرمایەداران لە ئەمریکا دەست ئاوالا بن..

بە حوکمی جوگرافیای ئەمریکا لە نەخشەی جیهاندا، لە هەموو شەرەجیهانیەکاندا ئەمریکا یان تووش نەبووە یان بە قازانجی ئەو کۆتایی هاتووە.

ئەم موقعیەتە سیاسیە ، ئابووریە ، فەرهەنگیە وای کردووە دەولەتیکی زلهیز و بە توانا لە تەواوی دونیادا خۆی بسەپێنێ.

هەر ئەمرۆش میدیاکانیان نەک هیزی سەربازی و داوجۆنس و بورسەکانی تری وولات ،دەتوانن بە خیرایی زۆر و لەماوەیەکی کورتدا بە دونیای بسەلمێنن کە حەق نا حەقە و بە پێچەوانەشەوە. تەنها سی ئین ئین دەتوانێ ئەم واقعیاتانە لە سەر شاشەکەی بەیان بکات.

ئەم هیزە سەرمایەیە بۆتە کابوسێ بەسەر شان و بالی کریکارانی دونیا و گەلانی ژیردەستە.گەر وابروا دونیان هەر بۆ خۆیان دەبێ.

پەیامی بازاری ئازاد و دیموکراسی هەموو دونیای گرتۆتەوە، بە ئاشکرا ئەمریکا سالانە پارەیەکی چەند ملیۆن دۆلاری تەنها بۆ راگەیاندن دژی ئیران تەرخان کردووە. یان بۆ وولاتیکی تر..هتد.

## ئیستا و ئەگەرەکانی داهاتوو لە رۆژهەلاتی ناوەندا

ئەمرۆ بەداخەوە چینی کریکار لە بەشی عەرەبی عیراق دا بۆتە قوربانی کێشەی نیوان پان ئیسلامیزم و هیزەکانی ئەمریکا، کارە تیرۆریستەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان لەگەل ئیسلامیەکان ئەم ناوچەیەی کردۆتە گەرماوی خوێن.
ناسیونالیزمی کورد هەلوێستی سیاسی خۆی تەنها لە قازانجەکانی خۆی تەماشا کرد و هەلوێستی وەرگرت. ئەمە بۆ رزگاری خاکی کوردستان و ئاوەدانکردنەوەو گەشەی ئابووری بۆ دەسەلاتی سیاسییان کاریکی سەلیمانە بوو. بەلام ئەم کارە سەلیمانەیە نەیتوانی بەردەوامی خۆی بدا.
ئەمرۆ هیچ هیزیکی ئازادی خوازی دونیا هەلویستی لایەنگری ناسیونالیستی کورد بۆ ئەمریکا بە سەلیم نازانێ تەنها هیزەکانی هاوپەیمانی ئەمریکا نەبێ.
چارەنووسی گەل گرنگە حەتمەن دەبێ لە گشت لایەنی سەیر بکریت. ناسیونالیزمی کورد دەیتوانی دیپلۆماسی تر سیاسی تر مۆدیرنتر لەگەل رووداوەکان هەلویستی وەربگرتابە. نەک هەر بەرامبەر بە ئەمریکا بەلکو بەرامبەر خودی داواکاریەکانی گەلی کورد و شەقامی کوردی و ئازادیخوازانی دونیا..
ئەگەرجی ئەجندەی ئەمریکا پشتی بە والاکردنی ناوچەکانی ئازادی ناسیونالیزمی کورد نەبەستووە و چۆن رەتکردنەوەی ناوجەکانی تورکیا لەلایەن پەرلەمانی تورکی کاریگەری لە ئەجندەی ئەمریکا لە ستراتیژدا نەکرد.
سەربازە ئەمریکاییەکان لە تەواوی عیراق دا بە کوردستانیشەوە ئازادن بە جی بەچی کردنی ئەوامرەکانیان.
خەلیل زالمای حاکمی عەسکەری عیراقە. سەرۆک کۆمار و جەعفەری و وەزیران و گزیران هەربۆ خەلکی هەژار خاوەن هیزن. ئەمریکا بۆ لم لەچاوکردنی گەلانی دونیا ئەمانە لە کۆشکی سپی بە جلکی گەلی و خۆمالی لە کۆشکی سپی پێشوازی دەکات.
تا بە دونیای بگەیەنێ کە وولاتی عیراق وولاتی ئازادی و دیموکرسی و مافی مرۆڤ و بازاری ئازادە.
حەتمەن خەلکی عیراق لە گۆرینەوەی نیزامی بەعس بە ئەمریکا چاوەروانی قازانجێ دەکەن و هەست بە جیاوازی دەکەن.
بەلام هیزەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئەم وولاتە لە بەعس و سەددام نە هاتوون. هەر ئەم دیکتاتۆرەی ئیستا کە محاکەمە دەکری پالەوانی عروبەو سۆسیال دیموکرات و دۆستی رۆنالد رامسفەلد و ئەوانی تر بوو.
ئەنفال و کیمیا باران و سەرکوت و ئەرسنالی هیزیسەربازیەکانی بەعس بە هاوکاری و رێنمایی ئەمریکا و هاوپەیمانانی دەجووە رێوە.
هەموو خەلکی ئەمە دەزانێ نەک سیاسیەکانی عیراق.
دەولەتانی ناوچەکە بۆ مەشغول کردنی سیاسەتی ئەمریکا و قەتیس مانەوەی هەر لەعیراق دا بە ئاگرو ئاسن کۆمەکی ئیسلامیەکان و کۆنە بەعسیەکان و هەموو هیزانەدەدەن کە دژی ئەمریکان.
سیاسەتی شل و توندی ئەمریکا بۆ وولاتانی ناوجەکە بەتایبەت ئیران و سوریا سەبری ئەیوبی دەوێ. ئەم سەبرە لەگەل پەیدابوونی جەکی ئەتۆمی لە ئیران ،لە ئیسرائیل کۆتایی پێ دێ.
ئەلتەرناتیڤی سوریا کە خۆی لە پاریس حەشارداوە ئەحداسەکانی لوبنان دژی دەولەتی سوریا مژدەی خۆشی بۆ نەوەی حافز نە هیشتۆتەوە.
دەولەتانی کەنداوی فارس ئەوانە جگە لە قەناتی جەزیرە نووزەیان لیوە نایی..شای سعودیەی ئیسلام و عەرەبی خواخوایەتی لە ریاز تەقینەوەکان ئارام ببنەوەو ریاز نەبێتە کابول. بۆ ئەمریکا کاری جەند رۆژێکە و قوربانی چەند پۆلیسی سی ئای ئەیە و هیچی تر..

ڕۆژهەلاتی ناوەند دەبێ گشت کەرەستەخاوەکانی بۆ ئەمریکا ئارام و کۆنترۆل بێ. مەوقعیەتی سیاسی ئەمریکا دەبێ بەشی شێری بەرکەوێ.
جیۆپۆلتیکی ناوچەکە دەبێ ئارام بێ.بازاری ئازاد و دیموکراسی مۆدەی ئەمریکایی دەبێ خۆی لەم ناوچەیە بسەپێنێ. پان ئیسلامیزم دەبێ شکست و بە پایان بگات لە بنیەت تەحتی خۆیدا.
ئەمریکا پان ئیسلامیزمی قەبوولە وەکو حزبی فەزیلە یان پارتە کریستە دیموکراتەکانی ئەوروپایی.ئەمریکا هەلوێستی کۆنی خۆی بە شەر چاک دەکاتەوە، چونکە هیزە ئیسلامیەکان دروست کەری خۆیان بوون دژی بلۆکی بەناو کۆمۆنیستی دروستی کردن..
ئارامی لەم ناوچەیە لەگەل ئارامی بۆ چالە نەوتەکان دایە. ئیران جگە لە نەوت غازێکی سروشتی زۆریشی هەیە. خۆ ئەگەر نەوت تەواو بوو ئەوا جەنگی کەمی ئاو لە ناوجەکەدا بەڕێوەیە. بەندەکانی وولاتی تورکیا لە سەر فرات و وەزعیەتی ئاو لە نێوان ئوردن و فەلەستین و ئیسرائیل تا دەگاتە نێوان عیراق و ئیران.
لە هەموو ئەگەرەکان میللەتی کورد دەبێ سەلیمانە مامەڵە لەگەل ئەگەرەکان بکات. ناسیونالیزمی کورد لە سەردەمی زێرینی خۆیدا هەناسەدەدا. ئەم هەناسەیە بۆ ئەمریکا وەکو بوتلی غاز وایە، هەرکاتی کاریان پێ نەما لەباری سیاسەتی دونیاییانەوە ئەوا هەڵی دەگرنەوە.
لێرەدا تەنها نەوەکانی کۆیلەی کریگرتە لەم ناوچەیە باجەکەی خوێنە چونکە ئەوی هەیە.
چالە نەوتەکان و گازی سروشتی بەنموونە بۆ خەلکی شاری کەرکوک هەر ئاگری کوشتن و برین بوو با ئاوارەیی لە داگیر کردن و رزگاری عیراق دا ئەویش دیاری سەدام و بۆش و بلێر بوون.
لەباری کۆمەلایەتیش کۆمەلگا بە هەنگاو چۆتە دواوە. شاری بەغدا شاری زانست و مەعریفە بووە شاری سەددام و عەلی کیمیاوی و ئیستاش بۆتە شاری سەدر و حەکیم و حاجم ئەلحەسەنی.